# سودی زانین ناو وسیفەتەکانی خوای گەورە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**موفتی : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز**

٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ فائدة معرفة أسماء الله وصفاته ﴾

« باللغة الكوردية »

إفتاء : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# سودی زانین ناو وسیفەتەکانی خوای گەورە

**پرسیار :** سودی زانینی ناو وسیفەتەکانی خودا چین؟ وە ئایا واتای پەرستنی خوای گەورە بەناو و سیفەتەکانی چین ؟

**وەڵام :** یەکەم فەرزێك خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر بەندەکانی ناسینی خودای گەورەیە، جا هەرکاتێك خەڵکیی خودایان ناسی بەگوێرەی پێویست دەیپەرستن، خوای گەورە دەفەرموێت:( فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ ) { محمد : ١٩ } واتە: بزانە هیچ خودایەك نییە (اللہ) نەبێت و بۆ گوناهەکانت داوای لێخۆشبوون بکە.

یادکردنی خوای گەورە بەوەی کە زۆر بە بەزەییە هیوا دروست دەکات، یادکردن بەوەی کە سزاکەی زۆر سەختە ترس لە خوا دروست دەکات، یادکردنی بەوەی کە تەنها ئەو نیعمەتەکانی پێبەخشیووین وامان لێدەکات سوپاسگوزاری بین .

واتای پەرستنی خوای گەورە بەناو و سیفەتەکانی ئەوەیە کە : بیان ناسیت و واتاکانیان بزانیت و کردەوەیان پێ بکەیت، بۆ نموونە: هەندێ لە ناو و سیفەتەکانی هەیە کە کارێکی جوانە موسڵمان هەیبێت و ڕەوشتی خۆی پێ ڕازێنێتەوە وەك : زانست و بەزەیی و دادپەروەری، هەندێکی تری ناو و سیفەتەکانی خودا دروست نیە بۆ موسڵمان کە هەیبێت وەك : خوایەتی، خۆبەگەورەزانین، هەندێك سیفەت هەن کە مرۆڤـــ واجبە هەیان بێت وەك : بەندایەتی و پێویستی و داواکردن بەرامبەر خوای گەورە، بەڵام ئەمانە بۆ خوای گەورە ناشێن.

خۆشەویستترین کەس لای خوای گەورە ئەوانەن خاوەنی ئەو سیفەتانەن کە خودا پێی خۆشە لە بەندەدا هەبێت، زۆر ڕقی لەوانەیە کە خاوەنی ئەو سیفەتانەن کە پێی ناخۆشە لە بەندەدا هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا... ) { الأعراف:١٨٠} واتە: خوای گەورە خاوەنی ناوە جوانەکانە و ئێوە پێیان بپاڕێنەوە و داوای‌ان پێ بکەن لەخوای گەورە، لە فەرموودەی سەحیحیشدا هاتووە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: « إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا مِائَةٌ إلا وَاحِدًا مَنْ أحصاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ » (متفق عليه). واتە: خوای گەورە نەودو نۆ ناوی هەیە، سەد دانە جگە لە یەك، هەرکەس ژمارەیان بکات دەچێتە بەهەشتەوە، واتای ژماردنی ناو و صیفەتەکانی خوداش ئەوەیە:

١ـ ناوەکانیان بوترێت و بژمێردرێت.

٢ـ تێگەیشتنی واتاکانیان و مەبەست لێیان، بۆ نموونە: کاتێك دەڵێیت ( الحكيم ) هەموو شتێکت بدەیتە دەست خوا، چونکە هەموو کارەکانی لە حیکمەتەوە هاتووە، یان کە دەڵێیت: ( القدوس ) ئەوەی بیربێتەوە کە خوای گەورە لە هەموو کەموکورییەك پاکە .

٣ـ دوعاکردن کە دوو جۆرە:یەکەم / دوعاکردن بۆ بەدەستهێنانی خێر وەك عیبادەت حسێبە،دووەم/ داواکردنی پێداویستی .

خوای گەورە زانا و شارەزاترە .